# حکومەتی ئێراقو مافەکانی گەلی کوردستانو مام وەلی بالیسانی!




یەکشەممە 4.12.2005

دەرسیم دیبەگەیی

Darsim88@hotmail.com


لەکەسمان شاردراوە نییە کە نەحکومەتی ئێراقو نە هاوپەیمانی یەکگرتووی شیعە، نەک هەر هەنگاویان نەناوە بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58 و ڕێککەوتننامەی هاوبەشی نێوان لیستی هاوپەیمانی کوردستانو خۆیان، بەڵکو هەردەم کاریان بۆ درێژەدان بەسیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستانو، گرتنەبەری سیاسەتی شۆڤینیستانەی خۆیان لەدژی گەلی کوردستان، کردووە! هەروەها لەداهاتووشدا چاوەڕوانی ئەوە لەهیچ لایەنێکی عەرەبیو ئێراقی ناکرێت، جگە لە پارتی کۆمۆنیستی ئێراق (حزبی شیوعی عیّراق) کە ئەوانیش کاریگەرێتییەکی وایان نییە لەسەر ناوەندەکانی بڕیاردان نە لەنێو پەرلەمانو نە لەحکومەتدا، کە کار بۆ ئاساییکردنەوەی باری کەرکوکو نەهێشتنی سڕینەوەی سیاسەتە شۆڤینیستەکانی بەعس بکەن!

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (3839)ی یەکشەممە 4.12.2005، لە لاپەڕە یەکداو لەڕوونکردنەوەیەکی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتو مانەوەی سلێمانی باسی ئەوە دەکات کە بەڕێوەبەراتی ناوبراو ڕەخنەی توندی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتو ڕەگەزنامەی بەغدا کردووە، لەبەرئەوەی لەپاسپۆرتی نوێی ئەم جارەداشدا زمانی کوردی بەکارنەهاتووە. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی نیازی وایە سکاڵایەک ئاراستەی سەرۆک کۆمار، پەرلەمانو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەعفەری بکات.

بەر لەهەموو شتێک، دەبوایە یەکێک لە سەرۆکی هەرێم یان پەرلەمانی کوردسستان یان لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمانی ئێراقی بەوکارە هەلسێت، نەک بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی کە کەس لەبەغدا نامەو سکاڵایان ناخوێنێتەوە! دوایی ڕێککەوتننامەی دامەزراندنی حکومەتو دابەشکردنی پۆستە گرنگەکان لەنێوان لیستی هاوپەیمانی یەکگرتووی شیعەو لیستی هاوپەیمانی کوردستان بووە، نەک شیعەو بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی! بۆ کورد باشترە ئەو لایەنانەی ناوم بردن لەگەڵ پەرلەمان، جەعفەریو لیستی شیعە گفتوگۆ بکەن، نەک دوو بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانیو بەغدا کە هیچیان خاوەن بڕیار نین!

لەهەموو جیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا، کام وڵات ئامادە بووە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی یان ناوخۆی وڵاتەکانیان بکەن؟ ئەوە ئێراق، سودان، مەغریب، جەزائیر، سوریا، ئێران، تورکیاو چەندی تریش، کام وڵات، حکومەت، پارتو لایەن پابەندی تەنیا یەک ڕێککەوتننامەی خۆیان بووینەو سستی یان دزەیان نەکردووە لەڕێککەتنەکانیان؟ بۆ عەرەبو ئیسلام زۆر قورسە دان بەمافی نەتەوەی بچووک یان لایەنی لاوازو بێهێز دابنێن! تاکە شت کەسەر بە عەرەبو ئیسلام دابنەوێنیو ناچاریان بکات کە مافی بەرامبەر بسەلمێنێت یان ناچاریان بکات کە پابەندی ڕێککەوتننامەی خۆیان بن، تەنیاو تەنیا هێزە!

لایەنی عەرەبی ئێراقیش لەبەرامبەر کوردا بەدرێژایی مێژوو و تەمەنی 85 ساڵەی حکومەتی ئێراقی هەر وابووینەو تائێستا تاکە ڕێککەوتنێکی خۆیان لەگەڵ لایەنی کوردی جێبەجێ نەکردووە! لایەنی عەرەبی ئێراقی وەکو مام وەلی بالیسانی تاوەکو هێزیان نیشان نەدەی هیچمان بۆ ناکەن! لەگەڵ ڕێزمدا بۆ مام وەلی کە زوڵمیان لێیکردووە، بەڵام لەبەرئەوەی بەسەرهاتەکەی ئەو لەگەڵ کێشەی کوردو عەرەبی ئێراقی دەگونجێت، بەیە ئەو سەربردەیەی ئەوتان بۆ دەگێڕمەوە.

مام وەلی کرێکارێکی قووتابخانەی بالیسان بوو، دوای کارەکەی خۆیو لەکاتی پشووەکاندا تراکتۆرێکی هەبوو بۆ بژێوی ماڵو منداڵەکانی کرێی بەو تراکتۆرە دەکرد. ساڵی 1983 بوو، ڕۆژێک ملازم سەید کەریم کە بەرپرسی عەسکەری مەڵبەندی چواری ئەوکاتی ی.ن.ک بوو لە بالیسان، پێشمەرگەیەک بەدوای مام وەلیدا دەنێرێت بۆ ئەوەی بە تراکتۆرەکەی خۆی هەندێک کاریان بۆ بکا، مام وەلی-ش بەپێشمەرگەکە دەڵێت: بڕۆ بە سەید کەریم بڵێ نایەم! پێشمەرگەکە دەچێتەوە لای سەید کەریمو قسەکانی مام وەلی پێڕادەگەیەنێت. سەید کەریم دووبارەو بەتووڕەیی بەپێشمەرگەکە دەڵێت: بڕۆ پێی بڵێ با بێتن! دیسان پێشمەرگەکە دەچێتەوە لای مام وەلیو داواکەی سەید کەریمی لێ دووبارە دەکاتەوە! مام وەلی لەسەر قسەی خۆی سوور دەبێتو دەڵێت نایەم! من هەق بە مام وەلی دەدەم، لەبەر هەر هۆیەک بێت کە نەیەوێت بچێت، چونکە تراکتۆر هی خۆیەتیو خۆیشی بڕیار دەدا نەک کەسێکی کە، ئەگەر بیەوێت کار بکات یان نەیکات! پێشمەرگەکە دەگەڕێتەوە لای سەید کەریمو ناڕەزامەندی مام وەلی نیشاندەدات بۆ جێبەجێنەکردنی داواکەی ئەو! سەید کەریم تووڕە دەبێتو بانگی سێ تا چوار پێشمەرگەی تر دەکاتو فەرمانیان پێدەدات کە لەگەڵ ئەو پێشمەرگەیە بڕۆنو، هەر ئێستاو بەشەق مام وەلی

بەخۆیی‌و تراکتۆرەوە بۆ بهێنن! پێشمەرگەکان دەچن‌و دەکەونە  سەر مام وەلی‌و زۆری لێدەدەن، دوای ئەوەی پێشمەرگەکان هیلاک دەبن لەلێدانی مام وەلی، یەکێکیان پێی دەڵێت: دەهەستە خۆتو تراکتۆرەکەت پێشمان کەوە بۆ مەڵبەند! مام وەلی دوای ئەوەی هەڵدەستێتەوەو خۆی دادەوەشێنێ‌و کڵاوو جامانەکەی دەکاتە سەری، بە پێشمەرگەکان دەڵێت: کوڕینە، باشتر نەبوو هەر لەیەکەم جارەوە لێتان دابام، ئێوە نازانن تاوەکو لێم نەدرێت، ئیشتان بۆ ناکەم؟ ئەگەر لەسەرەتاوە لێدانەکەو بۆم بکردایە، ئەوکاتە نە ئەوەندە خۆتان ئەزیەت دەدا نە منیش!

بەڵام ئەگەر دەسەڵاتدارانی کورد، هەر لەسەرەتاوە بەغدایان جێبهێشتایەو هەموویان بەیەکەوە بگەڕابانەوە بۆ  کوردستان، ئەوکاتە لایەنی عەرەبی ئێراقی خۆیان پەلەیان دەکرد لە جێبەجێکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، یان ئەگەر تەنیا جارێک 20 تا 30 هەزار پێشمەرگەیەک ببەنە سەر سنووری ئێراق - کوردستان‌و لە حەمرینەوە دایانمەزرێنن‌و، نەیەڵن چۆڵەکەش هاتووچۆ بکات، ئینجا بزانن عەرەب چۆن بۆمان بەچۆک دادێن‌و مادەی 58، فیدرالی‌و نووسین لەسەر پارەو پاسپۆرتو شتی تریش جێبەجێ دەکەن!!